Research Center

27-04-2022

# ئاگر لە بەغدا و دووکەڵ لە ئەنبار؛ گوشاری نویێ بۆ تەنیاخستنی سەدر

27-04-2022

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** بنبەستی سیاسی لە عێراق بەردەوامە. دوای شکستهێنانی دووەم هەوڵی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار (26ی ئادار) و پاش ئەوەی سەدر 40 رۆژ مۆڵەتی دایە رکابەرەکانی تاوەکو حکومەت پێکبێنن (1ی نیسان)، هیچ بەرەوپێشچوونێکی سیاسی گەورە ڕووینەداوە، بەڵام لە پارێزگای ئەنباری پایتەختی ئێستای بڕیاری سوننە، هەوڵەکانی پەرتکردنی هاوپەیمانی سێقۆڵی لەسەر ئاگری دادگا و چەك دانراوە

RRC |

**یاسین تەها*|**

بنبەستی سیاسی لە عێراق بەردەوامە. دوای شکستهێنانی دووەم هەوڵی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار (26ی ئادار) و پاش ئەوەی سەدر 40 رۆژ مۆڵەتی دایە رکابەرەکانی تاوەکو حکومەت پێکبێنن (1ی نیسان)، هیچ بەرەوپێشچوونێکی سیاسی گەورە رووینەداوە، بەڵام لە پارێزگای ئەنباری پایتەختی ئێستای بڕیاری سوننە، هەوڵەکانی پەرتکردنی هاوپەیمانی سێقۆڵی لەسەر ئاگری دادگا و چەك دانراوە.

ئەنبار زێدی هەندێک لە ئەستێرە سیاسییەکانی ئێستای سوننەیە لەوانەش محەممەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان و خەمیس خەنجەری سەرۆکی گەورەترین هاوپەیمانی سوننەکان «السیادة». لە هەمان کاتیشدا رێڕەوی گەیشتنی قووڵایی ئێرانی و شیعییە بە خاکی سووریا و لەوێشەوە بۆ حیزبوڵڵای لوبنان و حەوزی دەریای نێوەڕاست، بەهۆی ئەوەی یەکێکبووە لەو پارێزگایانەی کەوتە بندەستی رێکخراوی قاعیدە و داعش، لە کۆنترۆڵکردنەوەدا (کانوونی یەکەمی 2015)، هەندێک ناوچەی ستراتیژی کەوتنە دەست گرووپە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی وەك قۆناخەکانی دواتری نەینەوا و سەلاحەدین. بەم هۆیەشەوە ئەم پانتاییە سوننەیە کە لە دوای کەوتنی بەغدا (9 نیسانی 2003) ماوەیەک پەناگەی سەددام و خێزانەکەی بووە، ئێستا یەکێک لە مۆڵگەکانی گرووپە چەکدارەکانی حەشدی وەلائییە و، بەهۆی ئەوەی دراوسێی کەربەلایە و لەنێوان هەر دوو پارێزگاکەدا هەندێک ناوچەی کێشە لەسەریش هەن (نخێب و رەحالییە)، چاوی زیاتری لەسەرە.

بارودۆخی داعش رێگەی بۆ هەژموونی حەشد لە رۆژئاوای عێراق کردەوە، کە ئێستا بووەتە یەکێک لە میکانیزم و کارتەکانی دەستی "چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە" بۆ لێدانی حەلبووسی و ناچارکردنی هاوپەیمانی سیادەی سوننە بە کشانەوە لە هاوپەیمانی سێقۆڵی. بەو پێیەی لە پاش بەغدا و مووسڵ، ئێستا ناوەندی بڕیاری سوننە کەوتووەتە ئەنبارەوە، لەم میانەیەشدا شیعەکان لە زیاتر لە قۆڵێکەوە کاریان لەسەر کردووە. لەوانەش، ئازادکردنی رافیع عیساوی وەزیری پێشووتری دارایی لە زیندان و پشتیوانیکردن لە "ستام ئەبو ریشە"، کە یەکەمیان ئەستێرەیەکی ئەنباریی ناسراوتر و دێرینترە لە خەنجەر و حەلبوسی، دووەمیشیان "دژبەرێکی نەوعی" سەرۆکی پەرلەمانە و کاتێکیش کە هێزی سەربازی چوون بۆ دەستگیرکردنی (لەسەر تویتە تووندەکانی 31ی ئادار) بینیمان دەوروبەری دیوەخانەکەی بە هەمەر و چەکداری کەتیبەکانی حیزبوڵڵا تەنراوە و لە پارێزگاریی ئەواندایە!

گوشارەکانی سەر حەلبوسی کە جوڵاندنی هێزەکانی حەشدیشی بە ئاراستەی ئەنبار و بەری رۆژئاوای عێراق تێکەوت، بەدواشیدا هەڕەشەی هەندێک لە هۆزەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەیان هات. لە نوێترین پێشهاتدا گەیشتووەتە گێڕانەوەی "دژبەرێکی دیکەی" حەلبوسی کە شێخ عەلی حاتەمی، ئەمیری هۆزەکانی دلێمـە.

شێخ عەلی حاتەم کە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتییە لە ئەنبار، هەشتساڵ پێش ئێستا کە سەرۆکایەتی چەند گرووپێک لە چەکدارە خێڵەکییەکانی ئەنباری دەکرد، لەگەڵ مالیکی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەدا نێوانی تێکچوو. لە پەرچەکرداریشدا کەوتە پێداهەڵدانی داعش و لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆیتەرز(ئابی 2014) باسی لەوە کردبوو کە ئامادەیە دەست بخاتە ناو دەستیان و سەردەمێکیش دروشمی "بەرێوەین بۆ بەغدا" ی وەک هەڕەشە بەرز کردبووەوە. لەسەر ئەوەش فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووبوو، بەڵام ئێستا بە پاسەوانی چەند یەکەیەکی چەکدار کە دەگوترێت لە کەتیبەکانی حیزبوڵڵان، گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا بۆ ئەوەی وەک رافیع عیساوی وەزیری دارایی سەردەمی مالیکی، ئەویش بگەڕێتەوە بۆ ئەنبار. بەمەش رێبەرایەتی بنکە جەماوەرییەکانی سوننە، لانیکەم لە ئەنباردا لەلایەن خەنجەر و حەلبوسی قۆرخ نابێت. پاش گەیشتنی بۆ بەغدا، عەلی حاتەم کەوتە تەقە لە حەلبوسی و سەدر و، لە تویت و دەرکەوتنەکانیدا لایەنگیرییەکەی بۆ پرۆژەکەی "چوارچێوەی هاوئاهەنگی" کە "سازانە"، بە ئاشکرا دیاربوو.

بەکارهێنانی سیستەمی دادوەری و دۆسیەکانی دادگا بۆ شکاندنی رکابەرە سیاسییەکان، تەکنیکێکی کۆن و ناسراوی نووری مالیکییە. لە ویلایەتەکانی ئەودا (2005_2014) مادەی 4ی تیرۆر تایبەت بوو بە رکابەر و بەرهەڵستکارانی سوننە، ئێستاش کە چاوپۆشی لە دوو کەسایەتییان کراوە و باس لە ناوی دیکەش دەکرێت، خەریکە سیحر بەسەر سیحربازەکەدا هەڵبگەڕێتەوە، چونکە شەقامی شیعەی خرۆشاندووە، بەتایبەت کە ساڵانێکە لەسەر بە شەیتانکردنی ئەوانە پەروەردە دەکرێن و هەندێکیشیان لە شەڕەکانی ئەنباردا قوربانییان داوە. هەر لەبەر ئەمەش، مالیکی و عامری و زۆر لە گرووپەکانی دیکەی حەشد ناچار بوون، بە ژێر لێوەوە سەرکۆنەی سپیکردنەوەی دۆسیەی داواکراوە سوننەکان بکەن و خۆشیان بێبەری کرد لە ئاگاداربوون یان رێخۆشکردن بۆ گەڕانەوەی شێخ عەلی حاتەم.

چڕکردنەوەی هەوڵی «چوارچێوەی هاوئاهەنگی» لە ئەنباردا بەدوای ترسی رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی سەدر و دەست و

پێوەندەکەیدا دێت. هەروەها لە دوای ئەم بێ هیوابوونە لە گۆڕینی هەڵوێستی بارزانی لە هاوپەیمانی سێقۆڵی. ئەم پارێزگایەش کە قووڵایی ستراتیژیی بەهێزی نییە، پاڵێوراوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی داهاتوودا بکەوێتە بەر گوشار و شڵەژانی زیاتر، لەپێناو ئەوەی یەکێک لە پایەکانی سێکوچەکەی "رزگاری نیشتمان" بڕووخێت. هەرچەندە خەنجەر و حەلبوسی زۆر بە توندی و زبری بەرگری ناکەن، بەڵام ئاماژەی پەشیمان بوونەوەش پیشان نادەن و هەر بە هاوپەیمانییەکەوە پابەندن.

بۆچوونێکی بڵاو هەیە کە ئەوەی ئێستا لە ئەنبار ڕوودەدات گێمی دووەمی یارییەکانی مووشەکبارانکردنی هەولێر (13ی ئازار) و سووتاندنی بارەگای پارتی بێت لە بەغدا (28ی ئادار)، بەتایبەت کە ئێرانییەکان سەردانێکی چاوەڕوانکراو و پلان بۆ دانراوی حەلبوسیشیان بۆ تاران هەڵوەشاندەوە، بۆ ئەوەی لە گەرمەی کێشمەکێشیدا لەگەڵ باڵە ئێرانییەکانی عێراق، وا دەرنەکەوێت کە لە تاران کاراکتەرێکی قبووڵ کراوە(26ی ئادار).

بە گریمانەی سەرکەوتنی هەوڵەکانی گرووپە شیعەکانیش بۆ دەرکردنی حەلبوسی و خەنجەر لە هاوپەیمانی سێقۆڵی کە قسە و دزەپێکردن لەهەر دوو لاوە زۆرن کە گفتوگۆی ئێرانی و ئیماراتیشی بۆ ئەو مەبەستە تێکەوتبێت، هێشتا ماڵی شیعە هەر لەبەردەم گرێی سەدردا دەمێنێتەوە، چونکە هەر حکومەت و هاوپەیمانییەک بەبێ بەشداری سەدر و ڕەوتەکەی، چارەنووسەکەی ڕووبەڕووبوونەوەی گرژی و خۆپیشاندان و هەرا دەبێت، وەك ئەوکاتەی هەڵیکوتایە سەر پەرلەمان و حکومەت و، خۆیشی لە 2016 خێوەتی بردە ناوچەی سەوز.

*یاسین تەها، شارەزای کاروباری عێراقە و ئەم وتارەی بەتایبەت بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو نووسیوە.